# پیرۆزبایی پێنجەمین کۆنگرەی
# حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان



* **مەهدی کاوانی** *

بە هەموو هەستێکی پیرۆزی نەتەوایەتی ،بەگیانی شەهیدانی بزاڤی نەتەوایەتی کورد
گەرمترین پیرۆزبایی لە کۆنگرەکەتان دەکەم .هەڤاڵان لە کاتێکا کۆنگرەکەتان بە
تێکۆشان لە پێناو جێ بەجێ کردنی مادەی 140 و ڕیفۆرمی ئیداری و هەست کردن بە
لێپرسراوەتی بەرامبەر بەو قۆناغەو چەندەها درۆشمی تری پڕ بە پێستی قۆناغەکەتان
بەرز کردۆتەوەو بەڕاستی شتەکان لە شوێن خۆیەتی . هەڤاڵانی تێکۆشەر کوڕانی
چیاو کاتە تەنگانەکان ئاواتە خوازم کۆنگرەکەتان وەرچەرخانێکی نوێی سیاسی بێت
لە ژیانی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەکەمان و ئەزموونە فەرمانڕەوایەتیەکەی . بەڕاستی لە
ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان ڕاستە خۆشیەکانمان گەلێ لە ناخۆشیەکان زیاترن .ڕاستە
ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی کوردو بزاڤی سیاسی سەرتاسەری لە ڕۆژگارێکی وەک
ئەمڕۆمان پێشکەوتنی بەرزی بە دەست هێناوەو نوێنەرانمان لە ئاستی بەغداو
کوردستان تا زۆر ڕادە بە یەکگرتوویی کارەکانیان ئەنجام دەدەن وتا ڕادەی
لەبەرچاویش سووربوونی خۆیان لە داخوازیەکانی کورد نیشان دەدەن .بەڵام
کاردانەوەکانی حکومەتی تورکیاو شۆڤینیەتی بەشی هەرە زۆری لایەنی سیاسی
عەرەب و گەندەڵی و خراپبەکارهێنانی دەسەڵات وبە حیزبایەتی کردنی دەسەڵات لە
هەموو بوارەکان تا بڵێیت بە درێژەکێشانی کاری نێگەتیڤ دەکات لە سەر
ئاوەژوبونەوەی ئەزمونی فەرمانڕەوایەتیمان و پاشەکشەی بزاڤی سیاسیمان .
هەڤاڵان لە کاتێکا ئێوە کۆنگرەتان دەبەستن و هەڵبەتە ئەوەش دەزانن کە لایەنێکی
یەکجار فراوانی نیشتمانی هەیە بەو کارو کردەوانەی لایەنی دەسەڵاتدار بە تایبەتی
لە مەڕ گەندەلی و بەحیزبایەتی کردنی دەسەڵات ڕازی نینە بەڵام لە بەر پەرش
وبڵاوی بەرەی ڕکەبەر لە ڕێگایەوە ئەوە دەزانن  هەر خۆ دوورخستنەوەیەکیان لە
هێزی دەسەڵات لەو هەل و مەرجە سیاسیەی کورد لە سەر ئاستی ناوەوەو دەوروبەر

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دەبێتە هۆی ئەوەی نەیارانی کورد گرژیەکە بە قازانجی خۆیان وەرچەرخێننەوە . من لە کاتێکا بانگێشەی ئێوەی بەشدار بوو لە کۆنگرە دەکەم کە بە فعلی ئاواتە خوازم کۆنگرەکەتان پڕ بە پێستی سەردەم بێت .شتێکی ئاشکەرایە کە چەندەها ساڵ بەر لە ڕاپەڕین و ماوەیەکی زۆریش بە دوای ڕاپەڕین حیزبە چەپ و بە ناوچەپەکانی چیا بەردەوام لە تێکۆشانی ئەوە دابوون کە بەرەیەکی چەپی و نیشتمانی پێک بینن و ببن بە هێزی سێیەم تاوەکو لە ڕیگەیەوە پرۆسیسی دیموکراتی فراوانتر بێت ،دەشزانم هەڵوێستەکانتان و نێوانیەکانتان لە دژی شەڕی براکوژی و کەرتکردنی دەسەڵات و دۆزینەوەی ڕیگە چارەی دەرچوون ،چەند هەلوێستێکی دلێرانە بوون . بەڵام بە کردار ئەوەی لە سەر ئەرزی واقیع لە بانگێشە یەکبوەکانی سەردەمی چیاو تا ماوەیەکیش بە دوایەوەی ،تەنیا بەرێزتانن ماونەتەوە . بۆیە بانگێشەکەم بۆ ئێوەو نیشتمان پەروەرانی کورد ئەوەیە کە ئێوەو تێکڕای ئەو خەلکە نیشتمان پەروەرانە هەلوێستەکانتان یەک خەن و بتوانن لە دوا جاردا شتێک بە شتێک بکەن و ئەو خەونەی کە تێکۆشەرانی چیا خەونیان پێوە دەدیت لە مەڕ دروست کرنی بەرەی سێ لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان بگاتە واری کرداری .

لە کۆتاییدا سلاو ڕیزو پێخۆشحالی خۆم بۆ بەشدار بوانی کۆنگرەکەتان دووبارە دەکەمەوە .

بەریتانیا/2007/07/23

mahdikawani@yahoo.co.uk

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image